# نەهری

کوردستانی نوێ

خاک

ساڵی بیستوپێنجەم ژمارە: (٧١٤٩) چوارشەممە ٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

دووتوێیەکی تایبەتە لەچوارچێوەی هاوکارییەکانی کەناڵی خاک و کوردستانی نوێ


# شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سەرکردەیەک عەرشی عوسمانلی و قاجاری هێنایە لەرزە



پۆرترێتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

کاری: ستار قادر



**ئامادەکردنی بۆ کەناڵی خاک: زاهیر سدیق**

ئەم پاشکۆیە شەشەمین کاری هاوبەشی کەناڵی خاک و کوردستانی نوێیە، کە بریتییە لەبەرنامەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئەم بەرنامەیە کاتی خۆی لەکەناڵی خاک بەئەڵقە بڵاوبووەتەوە و میدیاکار زاهیر سدیق بۆ تەلەفزیۆن ئامادەی کردووە. وا ئەمڕۆش ئێمە جارێکی تر لەدووتوێی پاشکۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوی دەکەینەوە.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەرکردەی مەشرق و مەغریبی کوردستان یەکێکە لەشۆڕشگێڕەکانی کوردی سەردەمی سوڵتانی عوسمانی و ئێرانی قاجاری، کە بەسیاسەتی حەکیمانەی توانی عەرشی سوڵتانی عوسمانی و قاجاری بێنێتە لەرزە، ئەم پیاوە بلیمەتە کوڕی بنەماڵەیەکی ئایینیە، کە دچنەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی. ئەو تەریقەتەی کە مەولانا خالید دامەزرێنەری بووە، شێخی نەهری و بنەماڵەکەی لەژێر کاریگەری تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالید دا پەرەیان بە ئاین و ئیمانداری و تەریقەت داوە، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش لەدیوەخانی ئەو تەریقەتەوە قەڵمبازی داوە بۆ شۆڕش و شۆڕشێکی مەزن کە سەرتاسەری کوردستانی گرتووەتەوە. ئەم شێخە مەزنە لەتەریقەت و ئاینەوە بەرەو شۆڕش پەلی کوتا و توانی شۆڕشێکی پڕمەزن تۆماربکات، شۆڕشێک وەک مامۆستا سەڵاحەدینی موهتەدی دەڵێت یەکەمینە "بەئیرادەی عمومی گەلی کورد". لەماوەی ساڵانی شۆڕشگێڕیدا ئەو شتانەی ئەو کردنی بۆ ئەمڕۆش شتێکی نوێیە، یەک لەوشتانە ئەوە بوو کە شێخ عوبەیدوڵڵا گرنگی بەکەمینەکانی ناو خاکی کوردان دا، هەر بۆیە لەشۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا کەمە نەتەوەکانی وەک ئەرمەن و ئاشوری و مەسیحییەکان بەشدارییەکی کاریان هەبووە. جابۆیە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شۆڕشی هەموو نەتەوەکانی کوردستان بووە. ناوچەی شەمزینان لە ویلایەتی هاکاری کاریگەری ئەوانی لەسەر بووە و ملکەچی بیروبڕوای ئاینی ئەوان بوون و دەسەڵاتی ئاینی ئەم خانەوادەیە فراوان بوون.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری توانی تەواوی سەرکردەو سەرۆک عەشیرەت و دەسەڵاتدارانی خێڵات لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و قەناعەتیان پێبێنێ کە هەموو بەیەکەوە و بەیەک دەستە شۆڕش بکەن، ئەمەش یەک لەو کارەگرنگانەی شێخە کە هیچ کام لەسەرکردایەتی کورد توانای ئەوەی نەبووە، کۆی سەرۆک هۆزەکانی کوردستانی گەورە کۆبکاتەوە و باوەڕیان پێ بهێنێ، پاشان بەهۆی ئەمەشەوە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شۆڕشێکی گشت گیر و یەک پارچە کوردستانی بووە و لەکوردستانی ئێرانی قاجاری تا کوردستانی عوسمانی. شێخ پیاوێکی کراوە و چالاک بووە و هەمیشە لەهەوڵی دەوڵەتداریدا بووە و ژیانی هاوڵاتی ومرۆڤی کوردستانی بەلاوە گرنگ بووە، چ لەڕووی ئاسایش و ئەمانەوە، چ لەڕووی سیاسی و ئابووری و ژیانەوە. هەر بۆیە شێخ عوبەیدوڵڵا ناوبانگ و شۆرەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی لە ناوبانگی ئاینی زیاتربووە و ناوی ڕۆشتووە. لازاریفیش بەخۆڕا نەبووە سەبارەت بەشێخ عوبەیدوڵڵا وتویەتی: لای شێخ عوبەیدوڵڵا دەسەڵات تەنها لەوەدا نەبووە کە پیاوێکی تەریقەتی بووە لە تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵکە خاوەنی موڵکێکی زۆر بووە دووسەد گوندی هەبووە لەکوردستانی تورکیا تا کوردستانی ئێران. زۆرێک لەشارەزایانی بواری سیاسەت لەبارەی شێخی نەهرییەوە بەجۆرێک قسەیان کردووە کە ئەم پیاوە مەزنە شۆڕشگێڕ و پیاوێکی بەتوانا بووە. سیاسەت و شۆڕشەکەی دروست وپڕو سەرکەوتووانە باس دەکەن و هەندێک لەسەرچاوە بەریتانییەکان باس لەوەش دەکەن کە لەشۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵادا کە پێنج هەزار عەرەب پەیوەندیان بە لەشکری شێخ عوبەیدوڵڵاوە کردووە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردەی نەتەوەکانی کوردستان بووە و گرنگی بەهەموو چین و توێژەکان داوە و لەدوای ڕووخان و داتەپاندنی دەسەڵاتی میرنشینەکان شێخ عوبەیدوڵڵا دەرکەوتووە و بەهێزو گوڕێکەوە شۆڕشی کردووەو لەو قۆناغەدا توانیوێتی دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی بێنێتە لەرزەو ئەوروپاییەکانیشی تووشی شۆک کردووە، ئەوەی دەوڵەتانی دوژمنی ترساندبوو ئەوەبووە شێخ پیاوێکی وریاو زیرەک بووەو خەونی یەکگرتنی میللەتی کوردی هەبووەو هەوڵیشی داوە تەواوی میللەت یەک بگرێت و بەیەک دەستە شەڕی دوژمن بکەن، وەک بەڵگەنامەکانی بەریتانیای ئەو ڕۆژگارە دانیان ناوە بەوەی شێخ بووە بەهۆی ئەوەی نەتەوەی کورد یەک بگرێت و خەڵکی کوردیش بەچاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانن و لەناو کەمینە نەتەوەکانی تریشدا ڕێزی زۆری لێ نراوەو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی بەهێزی هەبووە، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی تورک و ئێرانی و روس وئینگلیزەکان بەترسەوە سەیریان کردووەو بەهەموویانەوە هەوڵی سەرکوتکردنی شۆڕشەکەیان داوە.

شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ئەو مەزنە شۆڕشگێڕەی کە تەمەن و تێکۆشانی زۆر لەنووسەر و سیاسەتمەدار و لێکۆڵیارانی دنیا گرنگیان پێداوە، بەچەشنێک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، زۆر لەخەمخۆران و دڵسۆزانی گەلەکەمان بەبایەخەوە لێیان ڕوانیوە، چەندین بەڵگەنامەی گرنگمان لەم بارەیەوە لەبەر دەستدایە، ئەو بەڵگەنامانە وەک سامانێکی گەورەی مێژوویی بوونەتە چرای سەردەمانێکی تاریک و لەوێوە کە ئاوڕ لەمێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان دەدەینەوە بەحەق دەبێ شانازی بەو هەوڵانەوە بکەین کە شێخ عوبەیدوڵڵا توانی پێگەیەک بۆ بیری نەتەوەیی خۆی وخەونی سەربەخۆیی گەلی کورد بنەخشێنێ.

### قاجارییەکان وعوسمانییەکان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان پاوانکردبوو

خەبات و تێکۆشانی شێخی نەهری لەکاتێکدا بوو کۆمەڵی کوردی لەوپەڕی پەرتەوازەیی و نەداریدابوو، قاجارییەکان وعوسمانییەکان بەهۆی لەشکرکێشی بۆ سەریەک تر بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان پاوانکردبوو، دانیشتوانەکەیان کردبووە قوربانی هەموو جەنگە سەخت وخوێناوییەکانی نێوانیان، بەچەشنێک هەتا لەکاتی نەمانی شەڕو بەستنی پەیماننامەکانی نێوانیان هەر لەسەر حیسابی خاک و نیشتمانی ئێمەبوو کە دیارترینیان پەیماننامەکانی ١٦٣٠ی زەهاو و ١٧٤٦ی نادر شا و ١٨٢٣ی ئەرز رومی یەکەم و ١٨٤٧ی ئەرز رومی دووەم کە دوا دەرئەنجام دووپارچەی گەورەی کوردستان لەیەک ترازان و دوو دەسەڵاتی جیاواز لەدوو ئەقاری جیاواز کوردستانیان دابەش کرد بەسەر دەوڵەتێکی شیعی و دەوڵەتێکی سوننی، ئەو دوو دەوڵەتە دوو زمانی فەرمی جیاواز و دوو فەرهەنگی جیاوازو دووجۆر ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازیان هەبوو، هەموو ئەم جیاوازییانەو جیاوازییەکانی هەر دوو ناوچەکەی کوردستانیان قوڵتر کردەوە. لەو سەردەمە دژوارو ئاڵۆزەدا شێخی نەهری وەک ڕابەرێکی مەزن بەرنامەو ئامانجێکی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ڕاگەیاند.

شێخ عوبێدوڵڵا کوڕی شێخ تەهایە لەساڵی ١٨٣٠یان وەک هەندێک سەرچاوی تر دەڵێن لەساڵی ١٨٣١لەدایکبووە وەفایی شاعیر دەڵێت شێخی نەهری خوێندەوارێکی باڵادەست و شاعیرێکی بەدەسەڵات بوو، هەروەها دەڵێت کاتێک ئەو زاتە لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت، ڕۆژگار بووە ڕۆژگارێکی دیکە و سەردەمێکی ڕێکوپێکتر هاتە کایەوە، ئەم زاتە لەتەمەنی سی و چوار ساڵیدا بووە جێنشینی و ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی و دەبێتە یەکەم ڕابەری ئاینی کە جڵەوی جوڵانەوەیەکی سیاسی گەورە لەئەستۆ بگرێ، مامۆستا محەمەد حەمە باقیش دەڵێت: لەو ڕۆژەوە کە تەختی ڕابەڕایەتی تەریقەت بەوجودی موبارەکی ڕازایەوە تا لەدنیا دەرچوو لەناوچەکانی دەوروبەرو تەنانەت ناوچە دوورەکانیش هیچ زۆردارێک توانای ئەوەی نەبوو دەستدرێژییەکی بچکۆلەش بکاتە سەر کەسێکی بێ دەسەڵات.

### شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەردەمی لاوێتی خۆیدا بەچاوی خۆی ڕووخانی میرنشینەکانی کوردی بینی

محەمەد حەمە باقی: شێخ عوبێدوڵڵای نەهری کوڕی سەید تەهای نەهرییە، سەید تەهای نەهری خەلیفەیەکی بەناوبانگ بوو گەشە داکوتراوی مەولاناخالیدی نەقشبەندییە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەدوای سەرهەڵگرتنی لەسلێمانییەوە بۆ شام، لەپاش خۆی دوو خەلیفەی بەناوبانگی خۆی لەناوچەکەدا بەجێهێشت، یەکێکیان شێخ عوسمانی سیراجەدین بوو، ئەوی تریان سەید تەهای نەهری بوو، ئەمانە لەڕێگای بڵاو کردنەوەی تەریقەتی نەقشییەوە بنکەیەکی بەربڵاوی جەماوەرییان هەبوو کە بەڕێزەوە تەماشا کراون، چونکە ئەمان لەژیانی خۆیاندا حوکمی تەریقەتی نەقشی وای کردووە کە ئەوان داکۆکی لەمافی ژێردەست و ماف خوراوان بکەن، خەڵک بە پەرۆشەوە داکۆکی لێ کردوون و تێیان ئاڵاوە، شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەردەمی لاوێتی خۆیدا بەچاوی خۆی ڕووخانی میرنشینەکانی کوردی بینی کە لەکۆتایی نیوەی سەدەی نۆزدەدا لەشکرکێشییەکانی عوسمانی لەناوی بردن، بەتایبەتی ئەو بەرلەوەی بێتە ناوچەی دوایی ژیانی لەمیرنشینی بۆتان بووە، بەچاوی خۆی لەشکرکێشییەکانی عوسمانی بینیوە بەسەر میرنشینی بۆتان.

### شاری دیلمان بووە مەڵبەندێک بۆ فرۆشتنی منداڵی کورد

د. عەبدوڵڵا عەلی ئاوایی: لەپاش ئەوەی ئیمارەتە کوردییەکان شەرعییەتیان بەدەست هێنا بەگوێرەی پەیمانێک لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٥١٥ ئیتر دوای ئەوە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی ئەو ئیمارەتانەی یەک لەدوای یەک لەناوبرد، دەبینین لە ساڵی ١٨٥١ ئیمارەتی بابان کۆتایی پێهێنرا، لەساڵی ١٨٥١ تا ساڵی ١٨٧٩ لەو ماوەیە بۆشاییەکی سیاسیمان هەیە لەمێژووی کورد ئەویش نەمانی سەرکردەی سیاسی کوردە، چونکە میرنشینەکان دەسەڵاتیان نەمابوو، لەهەمان کاتدا سەرۆک عەشایەرمان هەبوو لەگەڵ ئاغاواتەکان، ئەوان نەیاندەتوانی ئەو خەڵکانە لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، لەبەر ئەوەی لەنێوان یەکتریدا ناکۆک بوون، لەبەر ئەوەی بەخۆیان خەڵکی کوردیان دەچەوساندەوە، ئینجا لەو حاڵەتەدا باشترین حەل ڕێگای ئاینی بوو، ئەو ڕێگا ئاینییانە یاخود ئەو شێخی تەریقەتە ئاینییانە لەکوردستان دەورێکی باڵای هەبوو لەناوخەڵکدا تاوەکو گیرگرفتیان نەهێڵن، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لەخۆیان کۆبکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەدوا ڕۆژ شتێک بکەن، کوردەکان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئینجا ئەوە بوو ئەو فەراغە سیاسییە وای کرد کە شێخانی تەریقەت ڕۆڵێکی زۆر زۆر گرنگ ببینن، بەتایبەتیش ئەو کات بارودۆخی کورد لەو پەڕی ناخۆشیدا بوو، دەوڵەتی عوسمانی دووشەڕی سەختی لەگەڵ روسیای قەیسەری کردبوو لەساڵی ١٨٥٣ و ١٨٥٦ شەڕی قرمی پێدەگوترێ لەساڵی ١٨٧٧و ١٨٧٨یش ئەم دوو شەڕە وای کردبوو لەکوردستان نا ئارامییەک و ناخۆشیەکی زۆر بڵاوبووبووەوە و باجی زۆریان لەکورد ئەسەند، تەنانەت وای لێهات، ساڵی دوو جار باجیان لەکوردەکان دەسەند، جگە لەوەش ئاغاکان وسەرۆک عەشیرەتەکانیش باجیان لەکورد ئەسەند، تا وای لێهات شاری دیلمان بوو بووە مەڵبەندێک بۆ فرۆشتنی منداڵی کورد، لەساڵی ١٨٧٩ وای لێهات خەڵکی لەبرسا ئارامی نەمابوو، لەگوند و لەشارەکان دەستی بەسەر ورگی خۆی دادەنا و دەگەڕا و دەیگوت من برسیمە، ساڵی ١٨٧٩ ناوی لێنرا بەساڵی ئەمن برسیمە، ئینجا لەو کاتەوە شێخ عوبەیدوڵڵا تەکییەکەی کردبووەوە بۆ ئەو کوردە لێقەوماوانەو ڕۆژانە دووسەد تا پێنج سەد کەس سێ ژەمە لەوێ نانیان لەتەکییەکەی شێخ عوبێدوڵڵا دەخوارد و لەبەر هەندێک هەر لەوێ نازناوی باوکی کورد بەشێخ عوبەیدوڵڵای نەهری درا.



شەڕی عوسمانی و روس

سدیق ساڵح: شێخ عوبەیدوڵڵا لایەنگرومرید و دۆستێکی زۆری لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا هەبووە، هەتا لەشاری مهاباد خانەقای هەبووە، وەک بەڵگەنامەکانی ئینگلیز خۆیان ئیشارەتی پێدەدەن ڕۆژانە لە پێنج سەد هەتا هەزار میوانی هەبووە، ئەمانە دۆست ولایەنگری بوون و برەویان بەتەریقەتەکەی داوە، لەناوچەکانی خۆیاند، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەهەموو کاتێکدا توانیوێتی خەڵکێکی زۆری چەکدار لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، لەبەر ئەوە دەوڵەتی





عوسمانیش سوودی لەناو ونفوزی وەرگرتووە، لەو شەڕانەدا کە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆیدا کردویەتی لەوانە شەڕی هەرەدیار یان شەڕی دەوڵەتی روس و عوسمانییە لەساڵی ١٨٧٧دا کە هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا شان بەشانی هێزی عوسمانی بەشداریان کردووە.

## بەخۆی و هێزێکەوە لەقۆڵی بایەزیدەوە بەشداری جەنگ دەکات

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەئاوایی نەهری ناوچەی شەمزیناندا ژیاوە، ئەوکات ئەو ناوچەیە سەر بە ویلایەتی هاکاری بوو. لەڕووی جوگرافیاوە کەوتبووە ناوجەرگەی کوردستان و هەر لەوێوە شێخ ڕابەرایەتی ڕێکخراوێکی فراوان و بەربڵاوی دەکرد، کە پێکهاتبوو لەسەدان خەلیفە و مرید و سۆفی ناوچە جیاجیاکان، لەساڵی ١٨٧٧ جەنگ لەنێوان ڕوسیا و عوسمانییەکان بەرپابوو، سوڵتان عەبدولحەمید بانگی جیهادی دا، هەندێ سەرچاوە ئەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا درەنگ بەپیر بانگەوازەکەی سوڵتانەوە چوو، سەرەتا ویستویەتی خۆی لەو شەڕە لابدات، بەڵام دواجار بەخۆی و هێزێکەوە لەقۆڵی بایەزیدەوە بەشداری جەنگ دەکات و ئاکامی شەڕەکەش بەسەرکەوتنی روسەکان کۆتایی دێت.

## شێخ عوبەیدوڵڵا بڕیاری نەداوە، بەڵکو ئەمە نەریتێک بووە، پێشتر بوەتە ڕەوشت روس غەیرە دینە

محەمەدی حەمە باقی: روس دە جەنگی گەورەی لەگەڵ عوسمانیدا کرد، دوو جەنگیان شێخ عوبەیدوڵڵا بەچاوی خۆی بینیوێتی و بەشداری تێدا کردووە، شەڕی قرم لە ساڵی ١٨٥٦ ئەوکاتە مامی شێخ محەمەد شێخ ساڵح کە جێنشینی باوکی بووە، ئەو ئەوکات حوکمی غەزا و جیهادی داوە بۆ پشتیوانی کردنی عوسمانی لەدژی روس بەشداری شەڕیان کردوە، دوای مەرگی باوکی کە ئەم ڕابەرایەتی تەریقەتی نەقشی دەکرد، لەسەردەمی ئەمدا ساڵی ١٨٧٧بۆ ساڵی ١٨٧٨ دوایین شەڕی عوسمانی وروسی شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردایەتی ئەو غەزایەی کردووە کە کوردان پشتیوانیان لەعوسمانییەکان کردووە، شێخ عوبەیدوڵڵا بڕیاری نەداوە، بەڵکو ئەمە نەریتێک بووە، پێشتر بوەتە ڕەوشت روس غەیرە دینە و کوردان بەحوکمی ئەوەی ئیسلامن و ئەوانیان بەکافر زانیوە، کورد بۆ پشتیوانی کردن لەم سەنگەرەی خۆیەوە داکۆکی لەعوسمانییەکان کردووە، ئەمە دوایی بەخراپ شکایەوە، وەک لەکتێبەکەدا بەبەڵگە هێناومەتەوە ویستویەتی پاشکشێی لێ بکات و خۆی لێ دزیوەتەوە و درەنگتریش بەپیر بانگەوازی عوسمانییەوە چووە، بەپیر ئەو سەرلەشکرە عوسمانیانەوە چووە کە لەناوچەکەدا داوایان لێ کردون خەڵکیان بۆ خرکاتەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە، ئەو ژمارە زۆرە نییە کە لەشەڕەکانی تری عوسمانی و روسی کورد تێکەڵ غەزا بووە، بە پێچەوانەوە شێخ ژمارەیەکی زۆر کەمی بردووە و بەهەلی زانیوە لەم کاتەدا و لەم بەشداری کردنەدا زۆرترین چەکی دەست بکەوێت، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا لەزنجیرەیەک ناکۆکیدا لەناوچەکانی ژێر دەستی قاجاریدا و بەتایبەتی لەناوچەی موکریان و ورمێدا کە هەیبووە، گەلێک شەڕی درێژخایەنی لەگەڵ سەرانی قاجاریدا کردووە، لەوێدا هەستی بەوە کردووە پێویستی بەوەیە چەکی هەبێ، لەم غەزایەدا، واتە لەم جیهادەدا، لەم شەڕەی ساڵی ١٨٧٧- ١٨٧٨ چەکی زۆری دەستکەوت و هاتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی پێش ئەوەی شەڕەکە تەواو بێت، وەک دیارە وەک نیشانەکانی راپۆرتنووس و کوردناسەکان ئەڵێن ئەم چەکە گەورانەی بۆ مەبەستێک هێناوەتەوە کە دواتر لەشۆڕشی ١٨٨٠بەکاری هێنان.

## چاکتر ئاگاداری دیوی ناوەوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو

شێخ عوبێدوڵڵا لەو جەنگەدا ئەزموونی گەورەی وەرگرت و چاکتر ئاگاداری دیوی ناوەوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو، سروشتی دینی و دەوڵەتی عوسمانییەکانی ناسی و نفوزی کاریگەری بێگانە و لەپەیوەندی نێودەوڵەتان تێگەیشت و چاکتر ئاگاداری هەلومەرجی ژیانی نالەباری خەڵکی کوردستان بوو، هەندێک چەک وتفاقی جەنگی دەستکەوت لەوانەش زیاتر ئەزموونی جەنگی پەیدا کرد، روسەکانیش پەیمانی سان ستیڤانۆ یان لەگەڵ عوسمانییەکان مۆرکرد کە لەو پەیماننامەیەدا کۆمەڵێک مەرجیان بەسەر عوسمانییەکاندا بۆ بەرژەوەندی ئەرمەنییەکان فەرز کرد.

## روس مەرجی لەسەر عوسمانییەکان دانا

محەمەد حەمە باقی: لەم دوا شەڕەدا بەئاشکراتر و پێشتریش لەشەڕەکانی تری روس و عوسمانیدا هەروابووە، ئەرمەنییەکان بەحیسابی ئەوەی مەسیحین وهاودینن لەگەڵ روسەکاندا و لەقەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا زۆریان لێ کراوە، لەم شەڕانەدا روس لەگەڵ عوسمانی کردوویەتی، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی پشتیوانیان لە لەشکری روس کردووە، لە ئەنجامی ئەم کارەدا روس بۆ چاکەدانەوەی ئەرمەنەکان لەیەکەم دانیشتنی سەرانی روس و سەرانی عوسمانیدا لەسانستیڤانۆ کە لەمێژووی ٣ی٣ی ١٨٧٨دا ئەو دانیشتنەیان کردووە روس وەک چاکەدانەوە بەئەرمەنەکان کە لەوشەڕانەدا ڕێنوێنی و پیاوەتی و چاکەیان لەگەڵ لەشکری روسدا کردووە و هاوکات بۆ تۆڵەکردنەوەش لەکورد کە لەو شەڕانەدا پشتیوانیان لەعوسمانییەکان کردووە ناوچەکانی کورد وناوچەکانی ئەرمەنی کە ئەڵقەی یەکن و تێکەڵی یەکن، بۆ ئەوەی گێرمەو کێشەیەکی گەورە بۆ کورد دروست بکەن، روس لەو دانیشتنەی سانستیڤانۆ دا مەرجی لەسەر عوسمانییەکان دانا، ئەبێ یەکێک لەمەرجەکان ئۆتۆنۆمییەک، یان خودموختارییەک بدات بەئەرمەنەکان لەناوچەکانی خۆیاندا دەسەڵات بەدەست خۆیانەوە بێت و خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵام دەوڵەتی ئینگلستانی گەورەی ئەو کاتە، ئەڵمانیا و نەمسای ئەو کاتە ئەم بڕیار و مەرجەی روسیایان بەسەر عوسمانیەوە بەمەترسی ئەزانی بۆ داهاتووی خۆیان، چونکە ئەگەر روس ئەمە بکات ئەرمەنەکان ئەبن بەیارمەتیدەرێکی هەمیشەیی بۆ روسەکان کە روسەکان بۆ داهاتوویان شوێن پێیان بەردەوام لەناوچەی قەڵەمڕەوی عوسمانی دا ئەبێ، هاوکات بۆهاتوچۆی کاری بازرگانی ئینگلیز و ئەڵمان ڕێگایان بەرەو هیندوستان نامێنێ، لەبەر ئەوە چرپەیان لەگەڵ دەرباری عوسمانی و سوڵتاندا کرد کە تۆ ئەم مەرجە بەم شێوەیە بکە ئێستا ئێمە پێت ئەڵێین، شێوەکەش ئەوەیە با سوپای روس بکشێتەوە لەخاکی عوسمانی ئەو کاتە تۆ ئەو ریفۆرمە بۆ ئەرمەنەکان جێبەجێ بکە، لەبەر ئەوە کۆنگرەیەکی تریان گرت کە کۆنگرەی بەرلینی پێ دەڵێن، ١٣ی ٧ی هەمان ساڵ، لێرە داوایان کرد روسیا بکشێتەوە ئینجا ئێمە ریفۆرم لەگەڵ ئەرمەن ئەکەین و ئینجا خودموختاریان ئەدەینێ، ئەم بانگەوازە کە کەوتە سەردەمی لێپرسراوانی ئەرمەنەکان و سەرانی ئەرمەنەکان یەکسەر هاوئاهەنگیان کرد لەگەڵ ئەوروپا کە بەحیساب مەسیحین بۆ ئەوەی پشتیوانیان لێ بکەن، پشتیوانی ئەوروپا و روس بەتایبەتی لەگەڵ ئەرمەن وای ئەکرد ئەگەر کورد بەربەست بێت لەبەردەم داخوازییەکەیاندا، کێشەی گەورەی بۆ کورد دروست ئەکرد، جگە لەوەی کە ناوچەکانیان وەک خاک تێکەڵاو بوو.

## وەختێک شێخ عوبەیدوڵڵا هەواڵەکە دەبیستێ زۆر نیگەران دەبێ

سدیق ساڵح: دوای بڕانەوەی جەنگی روس و دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی بەرلین لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٨٧٨ مۆرکرا بەپێی بەندی شەست و یەکی ئەم پەیمانە دەوڵەتی عوسمانی ئەبوو ریفۆرم بکات و گەلی ئەرمەنیش دەبوو لەو ویلایەتانەدا کە ئەرمەنی تێدا نیشتەجێن لەدەست درێژی کورد بپارێزێ، وەختێک شێخ عوبەیدوڵڵا ئەم هەواڵە دەبیستێت زۆر نیگەران دەبێ و هەست دەکات وڵاتانی ڕۆژئاوا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنەکان دروست بکەن لەسەر حیسابی کورد و پشتگیری مەسیحییەکانیش بکەن لەو ناوچانەدا کە کوردستانە تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەمە بەراستی ئەو ئەهێنێتە سەر ئەو قەرارە کە بیرێ لەپاشە ڕۆژی میللەتەکەی خۆی بکاتەوە، ئەوە بوو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەییەی بەرپاکرد کە وەک لەمێژوودا بیستراوە.

## سەفوەت پاشا لەکاتی واژۆکردنەکەدا دەگریا

د. عەبدوڵڵا عەلی ئاوایی: دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی روسی بەشەڕ هات لەساڵی ١٨٧٧بۆ ١٨٧٨هەستان پەیماننامەی سانستیڤانۆیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی فەڕزکرد بریتی بوو لەبیست خاڵ، ئەو خاڵانە وای لێکردبوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفوەت پاشای وەزیری دەرەوە لەکاتی واژۆکردنەکە دەگریا، چونکە زۆر شوێنیان لەدەوڵەتی عوسمانی داماڵی، بەڵام مەوقیفی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەم کارە رازی نەبوون ئەوە بوو هەستان کۆنگرەیەکیان لەبەرلین بەست لەساڵی ١٨٧٨ئەو لە ١٣ی٦ بەردەوام بوو تاکو ١٣ی ٧ لەوێ بسمارک سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیەی دەکرد و سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا بەشداری کردبوو، جگە لە ئیتاڵیا و نەمسا و فەرەنسا و دەوڵەتەکانی تری ئەورووپی ئەو پەیماننامەیە بریتی بوو لە شەست و چوار خاڵ، کە شەست و یەکەمین خاڵی دان بەوەدا دەنێ دەوڵەتی عوسمانی دەبێ چاکسازی بکات لەناوچەکانی ئەرمەنی و لەهەمان کاتدا بیانپارێزێ لەکوردەکان، ئەگەرچی کورد بەحەیاتی، بەدرێژایی مێژووی خۆی غەدری لەئەرمەنەکان نەکردووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوەیان فەرزکرد لەسەر لە کۆنگرەی بەرلین ئەوەبوو کە دزرایل گەڕایەوە بەریتانیا لەمینا پێشوازیان لێ کرد وتی خێرێکی باشم بۆ هێناون، ئەو سوڵحە باشەش چی بوو بۆ بەریتانیا؟ ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی دانی بەوەدا نا دوورگەی قوبرسی دابە بەریتانیا بەشێوەیەکی نهێنی دەوڵەتەکانی تر ئاگادار نەبوون، لێرەدا دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکی ئەوتۆ نەبوو، ئەو خاڵە گرنگ نەبووە بۆ هەڵسانی شۆڕش.

## کوردستان لەنەخشەی ئەرمەنستاندا قووت ئەدرا

محەمەد حەمە باقی: هەڵبەتە ئەم کارە هەڵڵایەکی زۆری لەناو خوێندەوارانی ئەو سەردەمەدا نایەوە بەنموونەی کەرکوکێکی ئێستا دێنێتەوە بەرچاوی خەڵک، ئەرمەنەکان ئەگەر خودموختارییەکیان بەنێ لەو شوێنانە ئەیاندەنێ کوردستانە، لەبەر ئەوە کوردستان لەنەخشەی ئەرمەنستاندا قووت ئەدرا، خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە بۆنموونە حاجی قادری کۆیی ئەو کاتە زۆر بەهاوارێکی بڵند هاتوەتە دەنگ: خاکی جزیرە و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان، سەدحەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان... چوار پێنج قەسیدەی بۆ ئەمە وتووە. ئەمە بەڵگەی ئەو کاتەیە کە ئەو بەڵێندانە بەئەرمەنەکان لەناوچەکانی خۆتاندا خودموختاریتان ئەدەینێ لەهەمان کاتدا قووتدانی مافەڕەواکان و خاکێکی زۆری کوردستان بووە، کەچی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەوەندە

> «
> شێخ عوبەیدوڵڵا لەو جەنگەدا ئەزموونی گەورەی وەرگرت و چاکتر ئاگاداری دیوی ناوەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، سروشتی دینی و دەوڵەتی عوسمانییەکانی ناسی و نفوزی کاریگەری بێگانە و لەپەیوەندی نێودەوڵەتان تێگەیشت
> »

دوربینانە تەماشای ئەم کارەی کردووە، گوێی لەم حەماسەتە توند و خرۆشاو هەڵچووی خەڵک بەجۆرێک گرتووە کە خۆی بەرنامەکانی جێبەجێ کردووە کە جێبەجێکردنەکەشی بنکەی کوردستانی بن دەستی قاجاری هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی کە ئەرمەنەکان بەئازادی خۆیان خەریکی ئەنجامدانی کارەکەی خۆیان بن بەداخەوە لەدواییدا ئەوروپا و روس ئەوانە پشتیان کردە ئەو بەڵێنانەی بەئەرمەنیان دابوو و هیچیشیان بۆ نەکردن.

هەوڵوتەقەلاکانی شێخ بۆ کۆبوونەوە و شۆڕشکردن روژ لەدوای رۆژ زیاترو زۆرتر ئەبوو، یەکێک لەو کۆبوونەوە گەورانەی کە بەگەورەترین کۆبوونەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا دادەنرێ کۆبوونەوەکەی نەهرییە کە لەگەڵ زیاتر لەدوو سەد کەسایەتی ناسراو گەورە پیاو و سەرخێڵ و ئاغا و مەلاو میرزادەدا بوو، شێخ لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕوونی پەیامی خۆی ڕادەگەیەنێ و دەڵێت: پێنج سەدو پەنجا ساڵ لەمەو بەر ئیمبراتۆریەتی عوسمانی دامەزرا، عوسمانییەکان بەرێگەی نامەشروع دەسەڵاتیان گرتە دەست، پاش چوارسەد پێنج سەد ساڵ حوکمڕانی وازیان لەدینی ئیسلام هێنا و رێگەی کفریان گرتە بەر لەوساوە ئیتر ئەو ئیمبراتۆریەتە کەوتە داهێزران و تا دێ لەروخان و هەڵوەشان نزیک دەبێتەوە و هەڵوەشانەوەکەشی ئەوەندە بەخێرایی ئەڕوات گومانی تێدا نییە بەم نزیکانە دەروخێ و دوایی دێت، کوڕە خۆشەویستەکانم ئەبێ گوێڕایەڵی راسپێرییەکانی باوباپیرانی خۆمان بین بەسە ئیتر نابێ باری زوڵم و دیلی عوسمانی هەڵبگرین و پێویستە خۆمان ڕزگار بکەین نەک تەنها ئێمەی کورد لەتورکیای عوسمانی بەڵکو دەبێ برا کوردەکانی ئێرانیشمان لەم دوو حکومەتەی ڕێی پێشکەوتنیان لێ بڕیون رزگار بکەین. باوباپیرانمان داوامان لێ دەکەن لە پێناو دین و ئازادی نیشتمانەکەماندا لەخوێنی خۆمان ببورین، زانایان وتویانە قۆستنەوەی هەلی لەبار زانایی و ژیرییە. ئەمڕۆ فارس لەگەڵ تورکەکان بەشەڕ هاتوون هەموو هێزەکانی خۆیان ناردووەتە سەر ئەوان، ئەمەش بەمانای ئەوەی ئێستە هەلومەرج بۆ جوڵانەوەکەی ئێمە دژی حکومەتی ئێران لەبارە، ئەگەرچی ئێمە لەفارس ناترسین چونکە ئەگەر بەشەڕیشەوە خەریک نەبن چەندین هێزی گەورەی جەنگیش کۆبکەنەوە لەسەد هەزار سەرباز زیاتریان پێ کۆنابێتەوە، ئەوانەش نیوەی زیاتریان لەو برا کوردانەی خۆمان کە حکومەتی ئێران ئەیانچەوسێنێتەوە، هەمان هەستی ئێمەیان هەیە، لەبەر ئەوە بەشێکی دەوڵەمەندی کوردستان لەژێر دەستی ئێراندایە دەبێ بزوتنەوەکە پێیوەی خەریکین لەپێشدا بەرانبەر دوژمنە لاوازەکەمان بێت، بەمەش نیشتمانێکی دەوڵەمەند و براکانمان رزگار دەکەین، ئەمە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندمان بۆ تەئمین دەکات، یارمەتیمان ئەدات بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنی دووەممان کە بەهێزترە ئەویش عوسمانییەکانن.

د. عەبدوڵڵا عەلی ئاوایی: بەرای من ئەو توانایەی کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هەیبووە لەکۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری خۆی هیچ سەرکردەیەکی تری کورد نەیبووە لەسەدەی نۆزدەهەم و نەیتوانیوە ئەم خەڵکە کۆبکاتەوە، بەدەلیلی ئەوەی کوردستانی ئێران و کوردستانی عوسمانی زۆربەی سەرۆک هۆزەکان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆبکاتەوە و لەهەمان کاتدا شێخ عوبەیدوڵڵا پیاوێکی خۆشەویست بوو لەناو خەڵک و لەهەمان کات لەبەر ئەوەی موڵک و ماڵیان هەبوو لەکوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێرانی، ئەوە وای کردبوو خەڵکێکی زۆری لێ کۆببێتەوە، جگە لەو فەراغە سیاسییەی پڕیکردبووەوە جێگای دەسەڵاتی میرنشینەکانی گرتبووەوە.



مەولانا خالیدی نەقشبەندی - هێڵکاری هونەرمەند ستار قادر

## کلایتۆن بەپەلە خۆی گەیاندوەتە زنجیرە کۆبوونەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا

محەمەد حەمە باقی: شێخ عوبەیدوڵڵا بانگەوازی بۆ هەموو سەرانی کورد کرد لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بێن بۆ بارەگاکەی خۆی تاوەکو کۆبوونەوەیەکی درێژخایەن بکەن، بەقسەی هەواڵنێرەکانی ئەو سەردەمە کۆبوونەوەکەی شێخی نەهری، نزیکەی حەوت بۆ هەشت مانگی خایاندووە زۆربەی سەرانی کورد لەهەموو ناوچەکان بەشداربوون، ئەمە یەکەم جاربووە کۆبوونەوەیەک یان کۆنگرەیەکی وا ناسیۆنالیستی کورد لەجێگایەکی دیاری کراودا بۆ چارەنووسی کورد بگیرێت، ئەو بیری لەرزگارکردنی کوردستانی گەورە کردوەتەوە. کە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، نەک باسی هەکاری و ناوچەی وان کە بەدەست عوسمانییەکانەوە بووە، ئەو بنکە جەماوەرییەی لە کوردستانی عوسمانیدا هەیە ئەوەشی هەر بەماف خوراو و مەزڵوم ئەزانی، لەبەر ئەوە سەرانی کوردی بۆ بارەگاکەی خۆی بانگ کرد و حەوت تا هەشت مانگ کۆبوونەوەی پێکردوون تا راوێژی ئەوە بکەن چی بکەن، سەرەتا وەک دەیگێڕنەوە بڕیاری ئەوە درا کە لەکوردستانی عوسمانییەوە دەست پێبکەن، پەلاماری موسڵ و دیاربەکر بدرێ لەوێوە بێن بۆ کوردستانی قاجاری، بەڵام مەسەلەی ئەرمەن هاتە پێشێ، شێخ عوبێدوڵڵا زۆر بەئارامییەوە کە خۆی بەرنامەکانی دارشتبوو، هەر لەم حەوت هەشت مانگەدا سەرەورییەکی تری بۆ ئێمە بەجێهێشتووە بۆ یەکەم جار لەمێژووی رێکخراوی سیاسییدا یەکەمین رێکخراو یان بابڵێین حزبی سیاسی ئەو سەردەمە دروست کردووە و ناوی ناوە یەکێتی کوردان، بەگوێرەی راپۆرتی کوردناسەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی باڵوێزەکانی ئینگلیز و روس کە لەو سەردەمەدا بەچاوێکی تیژەوە تەماشای روداوەکانیان کردووە و هەواڵنێریان بەردەوام چووە بۆ ناوچەکان، بۆ نموونە کلایتۆن، کلایتۆن کونسوڵی ئینگلستان لەئەرزەرۆم بەپەلە خۆی گەیاندوەتە ئەم زنجیرە کۆبوونەوانەی کە شەش مانگی خایاندووە و لەبارەگاکەی شێخ بووە، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە ئەڵێ کە چووم بۆ بارەگاکە بەسەدان و بەهەزاران پێشمەرگە بەچەکەوە بەریز وەستابوون بۆ پێشوازی تا من چووم و هەفتەیەک لای شێخ عوبەیدوڵڵا بووم. کلایتۆن زۆر بەسەرسامی و بەرامانەوە لەگفتوگۆ و بیرورای شێخ عوبەیدوڵڵا دواوە و زۆر پێی سەراسیمایە. مەبەستم ئەوەیە واتە هەواڵنێرەکانی ئەو سەردەمە ئاگاداری ئەوە بوون و بەرووداوێکی گرنگیان زانیوە، وەک پێشتریش وتم ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان کردووە کە توڕەبوون و خرۆشانی هەستی ناسیۆنالیستی کورد وادەکات ئێستا لەگەڵ ئەرمەنەکاندا شەڕی یەکتر بکەن و ئەو کاتە ئەمە دەبێتە دەستکەوتێکی باش بۆ عوسمانییەکان، بەڵام شێخ خۆی لەم تەڵەیە رزگارکردووە، لەو کۆبوونەوانەدا کە ئەو خوێندەوارانەی وەک حاجی قادری کۆیی و خەڵکی تر بانگەوازی ئەوەیان کردووە کوردستان لەبەردەم شتێکی چارەنووسیدایە. شێخ وای بەچاک زانیوە بنکەی شۆڕش لەکوردستانی عوسمانییەوە بگوێزێتەوە بۆ کوردستانی قاجاری و بانگەوازی ئەوەی کرد سەرەتا لەکوردستانی بندەستی قاجارییەوە دەست پێدەکات و ئەوێ رزگار دەکات پاشان دێت بۆ کوردستانی عوسمانی کاتێکیش بنکەی شۆڕشی لەکوردستانی عوسمانییەوە گواستەوە بۆ کوردستانی قاجاری، هەڵبەتە ئەمانەی هەموو بەنامە نووسیوە بۆ نوێنەرەکانی روس و عوسمانی و ڕاستەوخۆ بۆی ناردوون و قسەی لەگەڵدا کردوون و لەو دیمانانەدا کە زۆریان دیویانە بۆ نموونە دکتۆر کۆچەران کە دۆستی کوردە کە نزیکی ئەو بووە و کۆچەران سەرۆکی دەستەی مسیۆنەری ئەمریکی بووە لەم ناوچەیەدا ئەو دۆستایەتی لەگەڵ دامەزراندووە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم بانگەوازانەی خۆی بکەیەنێت بە ئەوروپا. جا کۆچەران زۆر بەئامانەتەوە نامەکانی شێخی گەیاندووە بە ئینگلستان کە گەورەترین دەوڵەتی ئەو سەردەمە بووە و بەئاشکرا ئەنوسێت و ئەڵێت من لەئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرە کە لەمیللەتەکەم کراوە، ناچاربووم بانگەوازی دەوڵەتێکی کوردی لەهەردوو بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بکەم و ئەوکاتە من خۆم ئەبم بەڕابەر و نوێنەری کورد.

## نەتەوەیی بوونی کورد لەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵادا ئاشکراترین سیمای خۆی دەرخست

سەلاحەدینی موهتەدی: لەوانەیە ئاوایی بڵێن ئەمە سەرەتای زنجیرەیەک سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەیە کە بەدوی خۆیدا دەستی پێکردو تا ئێستاش نەپساوەتەوە، دوای روخانی ئەمارەتەکانی ئەردەڵان و سۆران و بۆتان و بابان میللەتی کورد حاکم و ئەمیرەکانی نەمان، ئەمە لەلایەکەوە وەکو قەلغانێک کە سپری بەڵابوو لەبەرانبەر لەشکری دەوڵەتانی داگیرکەردا خۆیان رادەگرت، راستە ئەو قەڵایە نەما بۆ کورد و کورد بێدیفاع مایەوە، بەڵام زۆر زوو سپەرێکی دیکەی سازکرد، هێڵێکی بەرگریی نوێی سازکرد ئەویش تێکەڵ بوونی جەماوەرە بۆ یەکەم جار شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەک ئەمیر و حاکمەکان بەڵکو جەماوەری نێو کورد، پیاوەعقول و ریش سپی و سەرۆک عەشیرەت و پیاوە ئاینییە ناسراوەکانی کورد کۆبوونەوە و کۆنگرەیەکیان دانا و حەرەکەتی کوردیان دەست پێکرد، لەم بارەیەوە یەکەمینە لەمێژووی گەلی کورددا یەکەمینە شۆڕشکێک بە ئیرادەی گەلی کورد دەست پێدەکات، دیارە تا ئەوکات یەکەمینیشە لەوەی کە داخوازییەکانی گەلی کورد رەنگی تەواو سیاسی و نەتەوەییان پێدەبەخشرێت، بەڵام بیری نەتەوەیی لەوێوە دەست پێ ناکات پێچەوانەکەی راستە ئەم



ڕێککەوتننامەی سانستیڤانۆ

شۆڕشە خۆی نەتیجەی هەبوونی بیرێکی نەتەوەیی بوو لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەم بیرە نەتەوەییە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم خەریکی گەشەسەندن و سەرهەڵدان و ڕەگ ئاژۆبوو لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، لەبیرت نەچێ بەدرخانییەکان لەئەستەنبوڵ چ خۆیان و چ کاتێک کە حاجی قادری کۆیی گەیشتە ئەستەنبوڵ هەم وەکو مامۆستای منداڵانی بنەماڵەی بەدرخان و هەم وەک خاوەن فیکر و بیر و فەیلەسوفێکی سیاسی و نەتەوەیی دەستی بەکار کرد، مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیان هێنابووە گۆڕێ، بەڵام ئەم مەسئەلەی نەتەوایەتییەی کوردە لەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵادا ئاشکراترین سیمای خۆی دەرخست.

محەمەد حەمە باقی: کۆتایی مانگی نۆی ساڵی ١٨٨٠، واتە دروست لەبیستی نۆی ١٨٨٠سەرەتای لەشکرکێشییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕی هاتوەتە ناوچەی ورمێ و دواتر شنۆ و ناوچەکانی نەغەدە و لاجان و مهاباد و میاندواوە و هەڵکشێ بەرەو ژوورتر بۆ مەڵکەندی و .. هەموو ئەوانەیان ئازاد کردووە، لەو شوێنانەی کە کوردنشینن و خاکی کوردن بەرپرسی کوردیان داناوە و نامەیان نووسیوە و ناردووە بۆ فەرماندارەکانی ناوچە کوردنشینەکانی تری وەک سەقز و بانە داوایان لێ دەکەن پەیوەندیان پێوە بەکەن و خێرا فەرمانڕەوای کورد دابنێن بۆ ئەو ناوچانە بەئومێدی پێکەوەنانی بەرێوبەرایەتییەکی کوردی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستانی، شێخ عوبەیدوڵڵا لەدوو هەفتەی یەکەمی شۆڕشەکەدا کە لەم قۆڵەوە دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی بەرەیەکی تازە لە لەشکرەکان و لەدوژمن بکاتەوە یان بۆ ئەوەی هێرش و گوشاری لەشکرەکانی دوژمن لەسەر ئەم قۆڵە کەمبکاتەوە، خۆشی بەرەیەکی تری لەورمێ کردەوە و بەهێزێکی دەدوانزە هەزار کەسییەوە هاتە ناوچەی ورمێ بەنیازی گرتنی، سێ هەفتە گەمارۆی ورمێیدا و شەڕی زۆرخوێناوی و دەستەویەخەیان لەگەڵ بەرگریکارانی ورمێدا کرد بە عەجەم نشین و بەوانەشەوە کە سەر بەلەشکری قاجاری بوون، ئەوانیش گەمارۆکەیان سەری نەگرت و لەشکرکێشییەکەی هەردوولا کارگەیشتە ئابلوقەدان، کار گەیشتە گەلەکۆمەکی بێگانەی روس و عوسمانی و قاجاری، شێخ بەچاکی زانی بکشێتەوە.

شۆڕشی شێخی نەهری کاتێک لەکوردستانی ئێران دەستی پێکرد هەر زوو کۆمەڵەیەک لە سەرۆک هۆز و خەڵکی نیشتمانپەروەری لەدەور کۆبوونەوە کە لەناویاندا هەمزە ئاغای مەنگوڕ وەک سەرکردەیەکی گەورە ڕۆڵی بەرچاو و جوامێرانەی بینی.

محەمەد حەمە باقی: گەورەترین سەرکردەی خێڵی بڵباس دواتر ئێڵی مەنگوڕ کە هەمزە ئاغای مەنگوڕیان پێوتوە پێشتر تەمەنی بیستو پێنج تا سی ساڵ خەبات و ململانێی لەگەڵ قاجارییەکاندا کردووە، ئەو یەکەمین کەس بووە کە هاوئاهەنگییەکی لەگەڵ بەرنامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کردووە ئەو هەر بەر لەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا هێرشەکانی بجوڵێنێ بەرەو




**شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کوڕی بنەماڵەیەکی ئاینی و تەریقەتی و پیاوێکی مەزن و ناودارو خۆشەویستی ناو کۆمەڵی کوردە. ئەم سەرکردە مەزن و خاوەن ئەزموونە. سەرکردەی شۆڕشێکی گەورەی هەردوو بەشەکەی کوردستان بووە. کە ئەو زەمانە بەکوردستانی عوسمانی و قاجاری ناوبراوە. شێخ عوبەیدوڵڵا لەو دەور و زەمانەدا زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا کردووە و هەوڵی داوە خۆی لەتەڵە و فێڵ و فەرەجی عوسمانلی بپارێزێ. ئەو زەمانە روسەکان لەبەرانبەر هاوکاریکردنی ئەرمەنییەکان ویستیان لەسەر خاکی کوردستان دەوڵەتێك بۆ ئەرمەنەکان دروست بکەن. ئەمەش گەلێك ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕی کوردی تورە کرد. نموونەی ئەوانەش شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی بوو بەغەزەلە بەناوبانگەکەی خاکی جەزیرە و بۆتان بەرپەرچی ئەو سیاسەتەی داوەتەوە کە ویستویانە لەسەر خاکی کوردستان دەوڵەتی ئەرمەنی دروست بکەن. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری زیرەکانە خۆی و گەلەکەشی لەو تەڵەیە دەربازکردووە. چوون ئەو هەستی بەوە کردبوو ئەوە تەڵەکە و فێڵی عوسمانلی و وڵاتانی ئەوروپایی تێدایە. ئەگەر کورد بچێتە ئەو شەڕەوە و لەگەڵ گەلی ئەرمەندا شەڕ دروست ببێت. قازانجی نەبۆ کورد و نەبۆ ئەرمەن دەبێ و تەنها سوودەکەی بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی دەبێ. بۆیە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی لەو فێڵە دەپارێزێ و شۆڕشەکەی بەرەو کوردستانی بن دەستی قاجاری دەبات و عەرشی دەوڵەتی گەورەی قاجاری دەلەرزێنێ. شێخی نەهری پیاوێکی سیاسی وخاوەن ئەزموون بووە زانیوێتی ئەو دەوڵەتەی ئەرمەن لەسەر خاکی کوردان سەرناگرێ بۆیە خۆی لەشەڕی ئەرمەنی بەدوور گرت. بەمەش هەم گرەوەکەی بردەوە و هەم سۆز و خۆشەویستی ئەرمەنی بۆ خۆی و بۆ شۆڕشی کورد پەیدا کرد.**

ناوچە کوردنشینەکانی قاجاری هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆبوونەوەکانی سەرانی کوردان هەبووە و ئاگای لەبەرنامەکە هەبووە، لەبەر ئەوە هەر کە بەرنامەکە دەستی پێکردووە وەک ئێوە فەرمووتان ڕۆڵی هەبوو لەو شۆڕشەدا، دواتر شێخ بەو پلەوپایەیەی هەیبوو لەناوچەکەدا کردی بەسوپاسالاری قۆڵی ئازربایجانی خۆرهەڵات و لەماوەی هەفتەیەکیشدا هەمووی ئازاد کرد، لەو کاتەدا هەر هەمزە ئاغاش نەبوو، شێخ عەبدولقادری کوڕی دووەمی شێخ عوبەیدوڵڵاش لەگەڵی بوو، وەک وتم لەناوچە ئازەرنشینەکان بەرگرییەکی زۆر سەختیان کرد، دواتریش لەکاتی ڕێککەوتنی روس و عوسمانیدا بوو، پێشتریش روس و ئێرانی ململانێیەکی وایان نەبوو، دواتریش کە تەماشایان دەکرد شۆڕشەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەخێراییەکی زۆر ئەتەنێتەوە بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە لێی ئەترسن، بەتایبەتی شێخ تەکانی زۆر خێرای ئەدا دەستی بگات بە تەورێز، تەورێز ئەو کاتە شوێنی وەلی عەهدنشین بوو، بابڵێین پایتەختی دووەمی ئێران بوو، شێخ زۆر لێی نزیک بووبووەوە، واتە مەڵکەندی و ئەو ناوچانەی هەموو ئازادکردبوو، هەموو کوردانی ئەو شوێنانە بەدەم بانگەوازی شۆڕشەکەوە هاتبوون، شان بەشانی لەشکرەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا شەڕیان دەکرد، ئەمەیان بەترس زانی بەتایبەتی نەسرەدین شا بە مەترسییەکی زۆر گەورە و زۆر خێرای زانی بۆ سەر خۆی، ئەو کاتە موزەفەری کوڕی لەتەورێز بوو، شێخ عوبەیدوڵڵا بەرێگای دیبلۆماس دەستی بردبووە ناو بنەماڵەی نەسرەدین شاوە، بۆ ئاگاداریتان نەسرەدین شا، زڕدایکەکەی کوردە برایەکی نەسرەدین شا، عەباس، کە میرزای مولک ئارای پێدەڵێن، سەردەمانێکی زۆر بۆ ئەوەی دەستی نەگات بەدەسەڵات و فەرمانڕەوایی نەسرەدین شا، دووری خستبووەوە، بیست و پێنج تا سی ساڵ لە ئێران دەربەدەری کردبوو، بێبەشی کردبوو لەهەموو مافێک، شێخ عوبەیدوڵڵا لەیەکێک لەنامەکانیدا بەر لەدەستپێکردنی شۆڕش ناردبووی بۆ سەرانی قاجاری بۆ عەباس میرزای مولک ئارای ناردبوو بەو پێیەی ئەم لەدایکە کوردەکەیە، دایکی ئەو کوردبووەو سەربە بنەماڵەیەکی تەریقەتی نەقشین، یەعنی بنەماڵەی دایکی عەباس میرزای زڕبرای کوردی نەقشبەندین، بۆ نموونە پردی دۆزیوەتەوە لەناو قاجارەکاندا، کە عەباس میرزای مولک ئارا دایکی کوردە و لەدابەشکردنی دەسەڵاتی قاجاڕدا ئەو ئەبێتە برا یان زڕبرای نەسرەدین شا، کە ئەگەر دەستی پێی بگات و بتوانێ هانی بدات، و لەنامەکەدا پێی دەڵێ من خۆم دەبمە دەسەڵاتداری ئێران و تۆ ئەکەم بەشا لەبەر ئەوە ئەگەر لەئێستاوە هاوکاریم بکەیت کارێکی باش ئەکەیت ئەمە بۆ عەباس میرزای نووسیوە، بەداخەوە عەباس میرزا نامەکە و نامەنێرەکەشی سپارد بەنەسرەدین شا، چونکە پێشتر ئەو دردۆنگ و گومانیان هەبووە لەنێوان یەکتریدا، بۆ ئەوەی خۆی پاک بکاتەوە و ئەو نامەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا بداتە نەسرەدین شا دڵپاکی و نیاز پاکی خۆی بۆ نەسرەدین شا دەربڕی تاوەکو ئەو

ئەو بیستو پێنج، سی ساڵەی کە ئەوی لەئێران دەرکردوە بەزوڵمێک بزانێ کە لەئەوی کردووە.

ئەو کاتەی جەنگ لەکوردستانی ئێران دەستی پێکردو ودوای رزگارکردنی چەند شاروچاروچکەیەک دەوڵەتی ئێران حەسەن عەلی خانی گەروسی کردە فەرمان رەوای سابلاخ دەسەڵاتێکی بێسنوری پێبەخشی. ناوبراو بە رەچەڵەک کوردبوو، بەڵام جێگەی بروا و متمانەی نەسرەدین شابوو ئەو کاتەی ئەم ئەرکەیان پێسپارد هێشتا وەزیری فەوائید بوو، جگە لەوەی سنوری دەسەڵاتی فراوان ترکرا، ناوچەکانی خۆی و سەڵماس و ورمێ و ساین قەڵای لەگەڵ سابلاخدا کرا بەیەک و خستیانە ژێر دەسەڵاتێوە هەموو ئەو هەوڵانە پردی پەیوەندی لەنێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و خەڵکی ئەو ناوچانە لەنێوان هەشت تا نۆ مانگدا بەتەواوەتی بچڕاند، تەنها سەرکردەیەک کە بەرگری کرد هەمزە ئاغای مەنگور بوو، حەسەن عەلی خان لە پلانێکی داڕێژراودا لەرێگەی میرزا قاسمی قازی و قادرئاغای دیبوکرییەوە هەوڵیدا بەنامە ناردن و داواکردنی دانوسان لەگەڵ هەمزە ئاغای مەنگوڕ لەسابلاغ دانیشتن بکات، دوای چەندین پەیمان و بەڵێنی گەورە، هەمزە ئاغا دەچێتە سابلاغ، بەڵام لەنەخشەیەکی داڕێژراودا بەفێڵ و ناپاکی هەمزە ئاغا شەهید دەکرێ و بەمەش سەرکردەیەکی گەورەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەناو دەبرێ.

شێخ دوای ئەوەی گەڕایەوە ناوچەی نەهری هەوڵی دا سەرلەنوێ دەست بکات بەخۆسازدان و کۆبوونەوە کردن بۆ بەردەوامی ڕاپەڕین وشۆڕش، هەوڵیدا باری سەرنجی دنیا بەلای ئەو هەزاران هەزار ئاوارەیە رابکێشێ کە لەئەنجامی ئەو شۆڕشەدا دەربەدەر بوون، بەڵام هەموو هەوڵەکان نەگەیشتنە ئاکامێکی سەرکەوتوو.

**بەسەدان هەزار کورد ئاوارە بووە**

محەمەد حەمە باقی: بەڵام شێخ لەمانگی دوانزەدا کشایەوە یان با بڵێین پاشەکشێیان پێی کرد، کە چووەوە ناوچەکانی خۆی دووبارە بەسەدان هەزار کورد ئاوارە بووە، ئەمە ئامارێکی سەیرە کەمتر مێژووی کورد ئاوڕی لێ داوەتەوە، سەدان هەزار ئاوارە لەو ناوچانەدا کە شۆڕشەکانی تێکراوە، چونکە لەشکری قاجاری بۆ تۆڵەکردنەوە لەم راپەڕین و راپەڕیوانە هات زۆر بێبەزەییانە، زۆر دڵڕەقانە دەستی لەو ناوچانە وەشاند کە ڕاپەڕیون، بەدەیان گوندیان سوتاندو بەسەدان ماڵیان کاول کرد، نزیکەی پێنج شەش مانگ لەو ناوچانەی شۆڕشی تێدا کرابوو، لەسابلاغ، لەورمێ، لەناوچەکانی فەیزوڵڵا بەگی دوکان و بازاڕ نەبووە، نەکراوەتەوە. تۆقاندن و ترساندنەکە بەو ئاستە بووە کە ئیتر خەڵک نەیوێراوە جارێکی تر بێتەوە بەرچاوی عەجەمنشینەکان.

بەڵام کە شێخ بەرنامەی ئازادکردنی هەردوو کوردستانی هەبوو ئەمەی بەتێکشکانێکی کاتی زانی لەبەر ئەوە دیسان کەوتەوە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزانە، هەڵبەتە ئەو خێزان و ماڵانەی بێدەرەتانن، کە دەرەتانی خۆ ژیاندن و مانەوەیان لەئاواییدا نەمابوو، زۆری ناردنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. دەوڵەتی قاجاری ئێرانیش هاوکات تەقەلای گوێزانەوەی زۆریانی دا،

چونکە ئامارەکە ئەوەندە زۆربووە شێخ عوبەیدوڵڵا دەیتوانی کارێکی دیبلۆماسی و مامەڵەیەکی نێودەوڵەتیان پێوە بکات.

زاهیر سدیق: دەیتوانی وەک کارتی فشار بەکاریان بهێنێ.

محەمەد حەمە باقی: دەم خۆش زۆر راستە، تەنانەت بانگەوازێکیشی بەناوی ئەوانەوە داوە بەدەوڵەتانی وەک روسیا و ئینگلستان و ئەوانە، کە من وێنەیەک لەو بانگەوازەم بڵاوکردوەتەوە کە تێیدا ئەڵێ "ئێمە نیو میلۆن کورد ئاوارەمان هەیە." ئەمە ئامارێکی سەیرە لەم چەند ساڵەی دوایی ستەم و زوڵمی سەدام ئەوەندە زۆر بووە و بەهەزارانی ئاوارە کردووە، بەڵام ئاماری وا بۆ ئەوکاتە زۆر زۆر بووە، لەدوای تێکشکانی راپەرینی میری برادۆستەوە دوو سەدوەهشتا ساڵ بگەڕێوە بۆ دواواە راپەرینی وانەبووە، لەبەر ئەوە ئەوەندە خەڵک شوێن شۆرشێک ناکەوێت، بەڵام شێخ بەئومێدی ئەوەی کە جارێکی تر شۆڕشەکە درێژە پێبدات و دەستپێبکاتەوە کەوتە نامەنووسین بۆ ئەو ناوچانەی کە لەم جارەدا بواریان نەبووە بەشداری بکەن، ئەم جارە سەری کێشا بۆ سۆران و ناوچەکانی میراودەلی و پشدەر رەواندز و هەولێرو ئەو ناوچانەی بەسەر کردەوە، شێخ عەبدولقادر هات وماوەی سێ وچوار مانگ لەو ناوچانەدا گەڕا، سەرانی کوردی ئەو ناوچانەی بانگ کرد ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک و خۆشناوەتی بانگ کردووە، لەهەولێر کۆبوونەوەیەکی گەورەیان سازکردووە کە تێیدا باسی ئەوەیان کردووە ئەبێ شۆڕش دەستپێبکەن و بەشداری بکەن و هەمووشیان بەڵێنیان پێداون.

هەتا ئێستا بەچەندین شێوە خەباتی دیبلۆماسی شێخ و شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠لەمێژوودا باس ئەکرێ، هەوڵەکانی شێخی نەهری لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی بووەتە جێیی سەرنجی دۆست و دوژمنانی گەلەکەمان کە هەموو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان محەکی ئەو راستییەن کە شێخ عوبەیدوڵڵا گەورەترین دیبلۆماسی سەردەمەکەی خۆی بووە.

محەمەد حەمە باقی: نامەکانی کونسوڵی ئینگلستان لەورمێ کە خۆی هاتووە سەردانی کوردستانی کردووە، چاوساغ و راپۆرتنووسی هەبووە، لەدوانامەیدا لەدوای کە شێخ عوبەیدوڵڵا بەگیراوی، گیراوە و براوە بۆ ئەستەنبوڵ، نامەیەکی بۆ ئێرل کرانفیل وەزیرکاروباری دەرەوەی ئینگلیزی ئەو کاتە ناردووە، ئاپۆت لەو نامەیەدا بەوەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئینگلستان ئەڵێ: ئەگەر مەسەلەی کورد تا ئێستا وای نەکردبێت یان لەو ئاستەدا نەبووبێت یان قەبارەی ئەوە نەبووبێت ئێمە ئاوڕی لێبدەینەوە ئێستا زانایی شێخ عوبەیدوڵڵا کە ئەڵێ دەرفەتم بۆ رەخسا من بتوانم هەفتەیەک لە خزمەتیدا بم و لێی نزیکببمەوە و تێبیگەم کە چەند پیاوێکی زانا و دیبلۆماسییە تێمان دەگەیەنێ کە ئێمە ئەگەر لەداهاتوودا ئاوڕ لەکورد بدەینەوە کورد چۆن تەماشای مەسەلەی کوردستان بکەین، ئەمە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئینگلستانی گەورە تا ئەوکاتەش پرسیار بووە، کە ئەگەر مەسەلەی کورد تا ئەو کاتە ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە، چۆن چۆنی تەماشای بکەن؟ ئێمە چۆن وابکەین دیبلۆماسییەت لەدنیادا بکەین، چیمان دەوێ و چیی بکەین، شێخ عوبەیدوڵڵا بەرلەوی ئەو پرسیارەی لێ بکەن خۆی ئەمانەی بۆ ئەوروپا درکاندووە، لەم بوارەدا شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەمین کەسە، یەکەمین دۆزەرەوەی ئەم رێگایانەیە کە بەر لەوەی تفەنگ هەڵگرێ، بەرلەوێ سەنگەر هەڵکەنێ و هێز کۆبکاتەوە و بەرلەوەی یاخی بێت گرنگی بەشێوازەکانی دیالۆگ داوە، و دیالۆگی لەگەڵ دۆستەکانی نزیک کورد و دۆستە دورە دەستەکانی میللەتی کوردی کردووە، کە ئەم دیالۆگە بۆ ئێمەی کورد یەکەم جار بووە لەمێژووی گەلەکەماندا بەم شێوە هەڵکشاو تێگەیشتوویيە، نامە دوای نامە، شێخ عوبەیدوڵڵا لەم بوارەدا سەدان نامەی نووسیوە، من بەشێکی زۆریانم لەکتێبەکەمدا بڵاوکردوەتەوە، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە هەموو نامەکانیمان دەستکەوتبێ، لەوانەیە لەزۆر کون و کەلەبەری ئەرشیفەکانی روسیا و ئەرمەنستان و ئەڵمانیای و بەریتانیای ئێستا و ئەرشیفی عوسمانی نامەی هەبێ.

## شێخ لەهیچ حاڵێکدا نەیدەهێشت شۆڕشەکەی راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا تووشی دوژمنکاری بێت

سەلاحەدین موهتەدی: شێخ نەیتوانی دەوڵەتانی ئەوروپی بێنە سەر ئەو قەناعەتە کە یارمەتی بدەن، بەڵام توانی وایان لێ بکات دژایەتی راستەوخۆی نەکەن، ئەوە کارێکی گەورە بوو، لەحەرەکەتە گەورەکەی میری سۆراندا میرە کۆرەی بەناوبانگ دەبینـدرێ دەوڵەتانی ئەوروپایی یارمەتی ئێران و عوسمانیيان دەدەن بۆ ئەوەی هەرچی زووتر رێککەون و ئەم شەڕە کۆتایی پێبێنن، لەشۆڕشەکەی شێخیشدا هەڵبەت ئەوەکراوە و ئێستاش بەڵگەکان بەدەستەوەن، بەڵام بەرادەیەکی زۆر کەمتر، شێخ بەهۆی رەنگی مەزهەبی کە تێکەڵ بووببوو لەگەڵ شۆڕشەکەی ئەوە پێی دەڵێن تەحفوز یان ئیحتیات یان خۆپارێزییەکی لەناو دەوڵەتانی ئەوروپاییدا پیدا کردبوو کە سەرئەنجامیش نەیتوانی پشتیوانی تەواویان بدەست بهێنێ، بەڵام شێخ ئەو فەزڵەی هەیە کە لەهیچ حاڵێکدا نەیدەهێشت شۆڕشەکەی راستەوخۆ تووشی دوژمنکاری ببێت لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا بەلای منەوە ئەوە زەکاوەت و زیرەکییەکی تایبەتی شێخە.

## هاونیشتیمانی کورد لەسەر بنچینەی لێبوردنی ئاینی دابمەزرێنێ

هەر سەبارەت بەشێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نەوشیروان مستەفا لەکتێبی کورد و عەجەمدا ئاماژەی بۆ پایەگرنگەکانی ستراتیجی کاری نەتەوەیی شێخ دەکات و لەچەند خاڵێکدا ریزبەندی کردوون یەکەم هەموو کورد بێ گوێدانە جیاوازی خێزان و بنەماڵەو خێڵ و ناوچە و لەهجەی زمان لەسەر بنچینەی پەیوەندی نەتەوەیی کۆببێتەوە لەهەردوو دەوڵەتی بەناو ئیسلامیان داببڕێ کە مەبەستی دەوڵەتی عوسمانی و قاجارییە، دوو دوژمنەکانی کورد هەردوو ئیمبراتۆرییەتی قاجاری و عوسمانی لەکوردستان دەربکات.



وەفایی شاعیر کە لەکەسە نزیکەکانی شێخ عوبەیدوڵڵایە سەبارەت بە شێخی نەهری دەڵێت: دەوڵەتی سوڵتان ناچار بوو بانگێشتی شێخ بکات بۆ ئەستەنبوڵ. لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنی ویستی خەلیفەی باوەڕداران ئەرك و پێویست بوو. شێخ لەشەمزینانەوە، کە خاکی نیشتمانە. سەفەری کرد لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزمە نزیکەکانی تا گەیشتە سنوری دەریا. ئەسپسوار و پیادە و نزیکەی (٥-٦) هەزار مرید هاتن بۆ پێشوازی ئەو. شاردوای شار و قۆناغ پاش قۆناغ پێشوازی لێدەکرا... کاتێ گەیشتنە کەناری دەریا. بەفەرمانی سوڵتان بەکەشتی(بیالە) پێشوازیان لێ کرا. گەیشتنە ئەستەنبوڵ و گەورە پیاوانی دەوڵەت و پیاوماقوڵان لەگەڵ سەربازەکان پێشوازیان لێ کرد خانوویەکی بۆ دیاری کرا لەپاڵ خانوەکانی سوڵتان. رێزوحورمەتێکی زۆری لێ نرا لەلایەن سوڵتانەوە.. ..شێخ عوبەیدوڵڵا ناچاربوو بۆماوەی دە مانگ لەئەستەنبوڵدا بمێنێتەوە. دواتر سوڵتان پێی وت: لەسەرت پێویستە بچیتە حیجاز. دوای ئەم راگەیاندنە. شێخ بەتەنها لەگەڵ خۆی سێ رۆژ لەدوای یەك بیری کردەوە. ئایا رازی ببێت بەرۆیشتن بۆ حیجاز یان نا؟ لەکۆتاییدا پێی وابوو باشترە گوێ بۆ سوڵتان نەگرێ و خۆی لێ رزگار بکات.

لەکتێبی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی بەریطانیادا .

سێ هەردوو بەشی ئێران و عوسمانی کوردستان لەژێر دەستی بابی عالی و دەرباری قاجاری دەربهێنێ و یەکیان بخا، ئاسایشی سەروماڵی خەڵک و بازرگانی و خوێندەواری و پیشەسازی و شارستانییەت لەکوردستان دابین بکات، پێنج هاونیشتیمانی کورد لەسەر بنچینەی لێبوردنی ئاینی و رێزگرتنی یەکتری و لەگەڵ مەسیحی و ئەرمەنی و ئاشوری دابمەزرێنێ، هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی موسڵمانی ئێران و عەرەب دروست بکات. حەوت دانپێدانانی سیاسی و قانونی دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپا بەدەست بهێنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە گەورانەش ئسلوبی کاری سیاسی و دیبلۆماسی بەکارهێنا.

دوابەدوای روداوەکان عوسمانییەکان لەترسی تەنینەوەی ئاگری شەڕ و بۆ پاراستنی بەورژەوەندی خۆیان لەگەڵ ئێراندا هەوڵیاندا شێخ عوبەیدوڵڵا دەست بەسەر بکەن، کە ئەم هەوڵانە چەندین هۆکاری سیاسی ئەو سەردەمەی لەپشت بوو.

## بەناوی میوانییەوە بردیان بۆ ئەستەنبوڵ

محەمەد حەمە باقی: گوشاری ئێران بۆ سەر دەوڵەتانی وەکو ئینگلیز و روسیا و تکایان لە عوسمانی کرد کە پشت لەمان نەکات و تەنینەوەی شۆڕشەکە زیانی ئایندەی لەسەرئەویش دەبێ. لەبەر ئەوە شێخ کە لەناوچەکەی خۆیدا خەریکی ئەمە ئەنجامدانی ئەم کارە بوو، لەو کاتەدا لەشکرێکی گەورەی عوسمانی هات و گەمارۆی ئەم ناوچەیەی دا واتە ناوچەی نەهری، شێخیان بەدەست بەسەری گوایە بەناوی میوانییەوە برد بۆ ئەستەنبوڵ، ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک لەوێ مایەوە و دواتر هەڵهات، بە پاسپۆرتی بازرگانێکی روسی هەڵهات و هاتەوە ناوچەکەی خۆی و ویستی جارێکی تر شۆڕش دەستپێبکاتەوە، ئەم جارە دیسان تورکیا لەژێرگوشاری قاجاری و روسی کە ئەمە مەترسی هەیە بۆ تێکدانی تەرازووی هێز لەناوچەکەدا کە ئەگەر کورد باسی ئازادی بکات ئەوکاتە نەتەوەکانی تریش داوای مافی خۆیان دەکەن ، نەتەوەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی پێش شێخ عوبەیدوڵڵا بەو جۆرە راپەڕینی گەورەیان نەکردووە تەنانەت وەک پێشتر باسم کرد کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ یەکەم جار حزبی دروست کرد کە پێش ئەرمەنەکانیش کەوتووە، کە ئەرمەنەکان لەم شتانەیە زۆر زۆر رۆڵی گرنگیان هەبووە، کە لەرۆژنامە چاپکردندا پێش ئەمریکاش رۆژنامەیان چاپ کردووە کەچی شێخ عوبەیدوڵڵا پێش دروستبوونی حزبی سیاسی ئەرمەنی لەناوچە ئەم هاتووە حزبی سیاسی دروست کردووە، کە یەکێتی کوردانە. ئەم حزبە وەک راپۆرت و بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە لقی هەبووە لەشارە گەورەکانی ئەو سەردەمەی عوسمانی و قاجاری و ئەمانە چالاکیان هەبووە، تفەنگیان هەبووە، پەیوەندیان هەبووە ئەمە بۆ ئەوکاتە کارێکی زۆر تازە بووە، کە بەڵام دیسانەوە عوسمانی جارێکی تر گەمارۆی بارەگای شێخیاندا و ئەمجارە بەدەستبەسەری بەرێگای موسڵدا بردیان بۆ لوبنان و لەوێوە بردیان

بۆ ئەتائیف و لەوێ ماوەیەکی کەم ژیاو بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد لە١٢ی ١٠ ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کردوە ...

## ژیانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

محەمەد ئەمین زەکی بەگ مێژوونوس لەئینسلۆپیدیای ئیسلامەوە ئەوە دەگوازێتەوە کە خانەوادەی شەمزینان سیمت لەخانەدانەکانی نەهری (نەهری یان نیری، یاخود نایری)، لەسەردەمی (مەلا حەجیج) شوێنەکەیان بۆ ناوچەی (هەمارۆ) گواستۆتەوە، لەوێ ماونەتەوە تا سەردەمی مەلا سالح، مەلا سالح دوو منداڵی هەبوو، سەید عەبدوڵڵا و سەید ئەحمەد. سەید عەبدوڵڵا بووە یەکێک لە خەلیفەکانی مەولانا خالید، دوای ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت، سەیدعەبدوڵڵا گەڕاوەتەوە گوندی (نەهری) و لەوێ نیشتەجێ بووە، بەخۆی و منداڵەکانی، دواتریش نەوەکانی، ئەم خێزانە دەسەڵاتێکی ئاینی هەبوو لەقۆناغەکانی سەرەتادا، دواتر دەسەڵاتی ماددی دنیاشی بەهەمان شێوە بۆ پەیدا بوو، ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی بەردەوام لەزیادبووندا بوو لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵادا

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ ئەحمەد شیهابەددینە، لە گوندی نەهری لەساڵی ١٨٣٠ لەشەمزینان لەدایکبووە. دوای مردنی سەید تەها، شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی جێگەی گرتەوە، بووە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی و سەروەت و سامانێکی زۆری بەمیرات بۆ ماوەتەوە. لەشەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ لە نێوان ڕوسیاو عوسمانیدا یارمەتی سوپای عوسمانی داوە.

دەرەئەنجامی شکستی عوسمانییەکان لەشەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ لەگەڵ ڕوسدا، بەپێی مادەی ٦ی ئەو پەیمانە (پەیماننامەی بەرلین) دەوڵەتانی ئەوروپی بەیەکەوە داوای پاراستنی مافی کۆمەڵی ئەرمەنییان کردبوو.

بۆیە شێخ عوبەیدوڵڵا کەوتە یەکخستنی خێڵەکان بۆ ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی و نوێنەری نارد بۆ لای شەریفی مەککە و خدیۆی میسر و کونسوڵەکانی ڕوس لە وان و ئەرزڕووم تا بزانێت دەوڵەتی ڕوس هەستی بەرامبەر بەکورد چۆنە. هەوڵیشی دا خۆی لەئینگلیزەکان نزیک بکاتەوەو نامەیەکی ناردووە بۆ دکتۆر کوچەران.

شێخ پێیوابوو تاقە دەرمانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەیە، ئەویش بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران و کوردەکانی سنووری عوسمانییە، لەیەکەمین بەیاننامەی نووسراوی شێخدا و بە یەکێک لە نوێنەرانی هێزە ڕۆژئاواییەکان دەڵێت: میران و سەرانی کوردستانی چ لەتورکیا چ لەئێران، هەر هەموویان رایان وایە ناکرێ بەم جۆرە لەگەڵ دوو حکومەتدا هەڵبکرێ، دەبێ کارێک بکرێت دەوڵەتانی ئەوروپا لەدۆزەکە ئاگادار بن و لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن کە خەڵکی کورد نەتەوەیەکی جیایە، ئێمە دەخوازین کاروباری خۆمان لە دەستی خۆماندا بێت.

پاشان شێخ نوێنەری نارده لای زانایانی کوردستان لەشارەکانی ڕەواندوزو موسڵ و هەولێرو وان ودیاربەکرو بەدلیس و ورمێ وسنەو مهاباد، سەرۆک هۆزە گەورەکانی کوردی بانگێشت کرد، لە ساڵی ١٨٨٠دا دوو کۆنفرانسی بۆ سەرانی خێڵە کوردەکان گرێ دا کۆمەڵەیەکی کوردی ناوی "ئەنجومەنی کورد" دروست کرد، کە پێکهاتبوو لەنەتەوەپەروەرانی کوردی، کە نزیکەی ٢٢٠ سەرۆک هۆزو پیاوی ئایینی لەشەمزینان کۆبوونەوە.

شۆڕشی چەکدارانەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەتشرینی یەکەمی ١٨٨٠ دەست پێ دەکات و هێزەکانی خۆی دابەش کرد بەسەر چەند بەرەیەکدا: بەسەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگوڕی و مامش، بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی موکری، سابڵاغ و میاندواو و مەراغە، بەسەرکردایەتیی موحەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، بۆ رزگارکردنی شاری ورمێ، بەسەرکردایەتیی خەلیفە موحەمەد، بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی خۆی و سەڵماس، لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشدا عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدایش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، بە مەرجێ شێخ عوبەیدوڵڵا ویلایەتی موسڵیان بۆ رزگار بکات. لەو کاتەدا زۆربەی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێران و عێراقی ئێستا دایانە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ ئیدارەیەکی کاتیی پێکهێنا و توانیان ناوچەکانی سابڵاغ و میاندواو و مەراغە ئازاد بکەن. بەهۆی نەبوونی دیسپلین لە ڕیزی جەنگاوەرەکاندا و نەبوونی شارەزایی سەربازی لە لای سەرکردەکان، جگە لەمە هەر خێڵێک هێزەکانی لەژێر سەرکردایەتیی رابەرەکانی خۆیدا هێشتبووەوە و چەکی پێویستیان نەبوو، سەرباری ئەوە کە ئەو هێزانە کەم مەشق بوون و خواردن و ئازوقەکەش هەر عەشیرەتێک دەبوایە خۆی دابینی بکردایە.

هەرچۆنێک بێت شێخ عوبەیدوڵڵا کاتێک نزیکی شاری ورمێ بوویەوە، چەند نوێنەرێکی خۆی نارده ناو شار بۆ دانوستان بەمەرجی خۆبەدەستەوەدان.





حاکمی شاریش فەرمانی دا کە نمایندەکان بکوژرێن. ئەمەش ڕقی کوردی ورووژاند و چوونە شارەکە و بەپێی هەندێ سەرژمێری نزیکەی ٣٠٠ کەسیان کوشت و گەورەترین هەڵەبوو کە هێزەکانی شێخ کردیان و حکوومەتی ئێرانیش خراپ سوودی لێ وەرگرت بۆ ناشرینکردنی جووڵانەوەکە لەناوەندە ڕەسمییەکاندا. بەڵام خەڵکی شار بەسەرۆکایەتیی ئیقبالوددەولە بەرگرییەکی سەختیان لە شارەکە کرد و نەیاندا بەدەستەوە. هەر لەو کاتەدا دوکتۆر جۆزێف کاکرن (Joseph Cochran) کە لە کۆمیسیۆنی موژدەبەرانی ئەمریکایی کاری دەکرد، چووە لای شێخ و تکای لێ کرد مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان ڕوون بکاتەوە و ئاگاداریی پێ دا کە نابێت هیچ زیانێک بە فەلەکان و گاورەکانی شار بگات. داوای لێ کرد پێویستە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر هەڵمەتەکەیان بۆ سەر شارەکە ڕابگرن تا ماوەی خەڵک بدرێت لە شارەکە دەرچنە دەرەوە، بەڵام ئەمە پلانێکی نێوان دوکتۆر کاکرن و فەرماندەی سەربازیی ئێران بوو.

لە لایەکی تریشەوە عوسمانییەکانیش کەوتنە خۆیان و هێزەکانی خۆیان لە کوردستان قایمتر کرد و کەوتنە گەمارۆدانی هێزەکانی شێخ. بەم جۆرە شێخ عوبەیدوڵڵا ڕوانی هێزەکانی کەوتوونەتە نێوان بەرداشی هێزەکانی عوسمانی و شا و خێڵە کوردە نەیارەکانی شێخ، ئەوجا فەرمانی دا بە سەرکردەکان کە لەشکر لەناو ئێران بکێشێتەوە. لەدوای گەڕانەوەی شێخ بۆ بارەگاکەی خۆی، داوای لە پاشماوەی هێزەکەی کرد کە بڵاوەی لێ بکەن و ئەوکات حکوومەتی ئێرانی داوای لە حکوومەتی عوسمانی کرد سەرانی شۆڕش دەستگیر بکات لەوانەش شێخ عوبەیدوڵڵا هەریەک لە حکوومەتەکانی نەمسا و بەریتانیا لەم داوایەدا پشتگیریی ئێرانیان کرد، لەگەڵ ئەوەدا ئەم داوایەی سەری نەگرت، چونکە عوسمانییەکان دەیانویست لە کاتی موبادەرەی سیاسیدا لەگەڵ ئێران وەک کارتی فشار بەکاری بهێنن. شێخ عوبەیدوڵڵا لەو کاتەدا داوای لە کونسوڵی ڕووسیا کرد بۆ یارمەتی، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە شێخ خۆی بخاتە بەردەم دەوڵەتی عوسمانی، چونکە ئەو کاتە پەیوەندیی نێوان ڕوسیا و عوسمانییەکان باش بوو و ئەو زلهێزانە وەک هەمیشە نایانەوێ بەرژوەندیی خۆیان بخەنە مەترسییەوە لەبەر مەسەلەیەکی ئەخلاقی یان مرۆڤایەتی.

لە کۆتاییدا شێخ ناچار کرا بچێتە لای سوڵتان و لەگەڵ گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بە پایتەختی عوسمانی، ئیدی جەنگی دیپلۆماسیی توند لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەڵگیرسا. ئێران بە ڕێنماییی ڕوسیا دەیویست زیانی ئەو هێرشەی شێخ (عوبەیدوڵڵا)ی بۆ ببژێرن. شێخ لەگەرمەی ئەو جەنگە دیپلۆماسییەدا لە ئەستەنبوڵ ڕای کرد بە بەرگی بازرگانی و پەساپۆرتێکی دروستکراو سواری پاپۆڕێکی شەڕکەری (پاک)ی فەرەنسایی دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە (پۆتێ) و لەوێوە دەچێتەوە کوردستان و هەرکە هەواڵی گەیشتنی بڵاودەبێتەوە، کوردستان جووڵەی تێ دەکەوێت. چەند عەشیرەتێک چەکدارەکانی خۆیان کۆ کردەوە و بەو پەڕی ڕێزەوە چوون پێشوازی لە شێخ بکەن. شێخ عەبدولقادری کوڕی هێزێکی بە چەند هەزار کەسییەوە چوو بەپیری باوکییەوە. کە ئێران بەمە دەزانێت، یەکسەر هاواری لێ هەڵدەستێت و ڕایدەگەیەنێت کە حکومەتی عوسمانی خۆی لەپشت ڕاکردنی شێخەوەیە.

لەرۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٣ شێخ لەسەر چیای عەرەفات بوو خەریک بوو فەرزی حەجی بەجێ دەگەیاند لەو وەختەدا گیان لەجەستەی دەرچوو و چووە بەرقاپی خودا و مرد.. ئەو کات کە بەنەخۆشی کۆلێرا مرد تەمەنی ٥٣ساڵان بوو هەر لەدوای سێ ڕۆژ هاوسەری ژیانی و ڕەشیدی کوڕە بچوکی بەهەمان نەخۆشی مردن.



# شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری: کوڕە خۆشەویستەکانم ئەبێ گوێڕایەڵی ڕاسپێرییەکانی باوباپیرانی خۆمان بین



# سەڵاحەدین موهتەدی: شێخ نەیتوانی دەوڵەتانی ئەوروپی بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە یارمەتی بدەن، بەڵام توانی وایان لێ بکات دژایەتی ڕاستەوخۆی نەکەن

نەهری
کوردستانی نوێ

خاوەن ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
محەمەد کەریم

ئامادەکردنی
زاهیر سدیق

سەرپەرشتیار
مەحمود نەجمەدین

دیزاینەر
ئەلبورز ڕەشید